# عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین

**ڕانانی : سەروەر ئەمین**

عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین کتێبێکی ترە لەنێو کتێبخانەی کوردیدا کە بەشێك لە پانۆرامای مێژووی سیاسی نوێی عێراق لەنێوان ساڵانی 2003 – 2010 دەخاتەڕوو، ئەم کتێبە ئەنوەر حسێن نووسیویەتی بە قەبارەی (191)لاپەرە، لەلایەن دەزگای ئاراسەوە بەچاپگەیەنراوە.

ئەم کتێبە لە دوو روانگەوە گرنگی بۆ خوێنەران و کتێبخانەی کوردی هەیە، یەکەم لەو ڕووەوە کە باس لە مێژووی نوێی عێراق دەکات لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە، کە هەندێك لە مێژوونووسان و شرۆڤەکارانی سیاسی بە سەرەتای دروستکردنەوەی عێراق ناوی دەبەن، دووەمیان دەرخستنی ئەو ململانێ پەنگخواردووە هەشتا ساڵەیەی شیعەکانە لە عێراقدا کە لەژێر دەسەڵاتدارێتی سوننەدا بوون و بە چەندین شێوە سەرکوتکران و چەوسێنراونەتەوە.




ئەم هەوڵەی نووسەر بەشێکە لە بیروبۆچوون و خوێندنەوە نوێیانەی کە بۆ عێراق دەکرێت و سەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە، ئەم کتێبە زۆربەی ئەو ڕووداوە گرنگانەی نێو گۆرەپانی سیاسی عێراقی دەگرێتەوە کە لە دوای 2003ەوە ڕوویانداوە، هەندێکیشیان لە کات و ساتی خۆیدا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە.

کۆی گشتی کتێبەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم سەرجەم ئەو ڕووداوە سیاسی و پێشهاتە سیاسیانە دەگرێتە خۆی کە لە ماوەی ساڵانی نێوان 2003 – 2007 ڕوویانداوەو تیشك خراوەتە سەر پەلاماردانی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانیەکانیەوە، کە دواجار بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام و گۆڕانی بەشێك لە هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایهات.

لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا ماوەی ساڵانی (2007 – 2009) خراوەتەڕوو، کە قسەکردنە لەسەر کۆتایی بەعس و کاریگەری شەری سارد لەسەر ناوچەکەو عێراق و ئاڵوگۆڕیەکانی دونیاو دەستپێکردنی ململانێی نوێ لەنێوان ئەمریکاو ئێران لە عێراقدا، جگە لەمانەش ئاماژەدان بە ڕۆڵی شیعەو مەترسییەکانی قوڵبوونەوەی تەنگژە سیاسیەکان و ئەو ململانێ توندە نوێیەی نێوان سوننەو شیعە دەکات کە بە دەیان ساڵە قسەی لەسەر دەکرێت و کێشە هەیە لەنێوانیاندا.

بەشی سێیەم کە دوا بەشی کتێبەکەیە باس لەو ڕووداو گۆڕانکارییە سیاسیانەی نێو عێراق دەکات کە لە ماوەی ساڵانی نێوان 2009 – 2010 ڕوویانداوە لەگەڵ ئەو کێشەو گیروگرفتە سیاسیانەی کە ڕووبەڕووی عێراق بوەتەوە.

دواجار لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا نووسەر بەشێکی زۆری نووسینەکانی تەرخانکردووە پێش و پاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئازاری 2010و، ئەو ئیستیحقاقە ئینتیخابیەی کە بۆ عێراقیەکان ڕاگەیەندراو ماوەیەکی زۆر عێراق بەبێ حکومەت بەبێ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران بێ حکومەت مایەوە کە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی دونیا ژمارەی پێوانەیی تۆمارکرد، ئەمە سەرەڕای ئاماژەدان بەو ململانێ قوڵەی لەنێوان لیستە سەرەکییە براوەکاندا ڕوویانداو، کار گەیشتە ئەوەی کە وڵاتانی ناوچەکە بە سوننەو شیعەوە تەدەخول لە کاروباری نێو عێراق بکەن و سنورێك بۆ زیادەڕەوی ململانێی نێوان سوننەو شیعەکان دابنێن.

ئەگەرچی عێراق لەدوای هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەو حکومەتەوە زیاتر لە جاران تووشی قەیران و تەنگەژەی سیاسی بوویەوە، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت عێراق نەیتوانیوە لەو چوارچێوە سیاسیە دەربچێت کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە پێیدا تێپەڕی، چونکە ژمارەی قوربانیەکانی ئێستا ئەگەر زیاتر نەبێت لە ساڵانی 2003 و ساڵانی دوایی ئەوا کەمتر نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر بتەوێ زیاتر لە ململانێ نوێیەکانی عێراق شارەزا بیت ئەوا دەتوانیت کتێبی عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین بخوێنیتەوە.